

# شێرکۆ بێکەس، شاخەکانی کوردستان دەباتە ڕۆخەکانی بەیروت

پێش چەند ڕۆژێك لە لوبنان خۆشەویستانی شیعر بە پەرۆشەوە گوێیان لە قەسیدەکانی شێرکۆ بێکەس دەگرت، ئێوارە شیعرێکی نایابی سازدا لەسەر بانگهێشتی (مسرح بابل) لە بەیروت، (جواد الاسدی) کارێکی باشی کرد کە هۆڵێکی بچووکی شانۆیی هەڵبژارد بەو بۆنەیە، چونکە ئەو کەسانەی هاتن گوێ لە بێکەس بگرن خۆشەویستییان جوولاّ بۆ هۆڵەکە، کە زۆربەی پڕبووبوو، هەروەها هەستێکی گەرموگوڕ دروست بوو لە نێوان گوێگران و شاعیر، چونکە شاعیر بەوە ناسراوە کە کەسێکی ڕۆحسووکو دەزانێت لە ڕێگای ئیلقاوە چۆن گوێگر بۆ لای خۆی ڕاکێشێت، بەڵام ئەگەر ئەم ئێوارە شیعرە لە هۆڵێکی گەورە ئەنجام بدرایە ئەو هەستە دروست نەدەبوو، چونکە چۆڵی کورسییەکان کەلێنێکی دروست دەکرد لە نێوان شاعیر و گوێگراندا.

شاعیر بە شێوازێکی پەخشان ئامێز لەسەر شیعر و کوردستان و بەیروت دوا، پاشان دەستی کرد بە خوێندنەوەی بەشێك لە قەسیدەی (دەربەندی پەپوولە) بە زمانی کوردی، هەر لە سرووديێکی داستان ئاسا دەچوو کە باس لە خۆشەویستیی ئەو جیهانە دڵرەقەی دەکرد کە پڕاو پڕە لە ئازاری سارێژ نەکراو کە کوردستان بەشێکە لێی.

هەرچەندە دەرهێنەرو نووسەری عێراقی (جواد الاسدی) کە خاوەنی (دوو ژنە کارەکەر – ژنانی ساکسیفۆن)ە، توانایەکی باشی هەیە لە خوێندنەوەی قەسیدەکە بە زمانی عەرەبی، بەڵام نەیتوانی زۆر سەرکەوتوو بێت، لەوانەیە زۆر باش خۆی بۆ ئامادە نەکردبێت، ڕۆتینی پێوە دیار بوو، چ وەك ئەداو چ وەك گوزارشتی دەنگی.

لەوانەیە ئامادەبووان وا پێیان خۆشبێت کە شاعیر خۆی بیخوێنێتەوە، بەتایبەت کە خۆی لەوێ ئامادە بێت، چونکە سەیری جووڵە و لەرەی دەنگ و دەروونی دەکەن، بەم شێوەیە ئامادەبووان کەوتنە کاریگەری لەگەڵ ئەو شیعرە کورتانەی کە شاعیر بە زمانی کوردی پاشان بە زمانی عەرەبی خوێندیەوە، هۆکارەکەی ئەوە نییە کە بە ئیلقایەکی شانۆیی و هەمەڕەنگی لەرەی دەنگی شاعیر، بەڵکو ئەم شیعرانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشتی بەستووە بە ئیختیزالی گوزارشت بوون و گرتەی سینەمایی کە مانای گشتی لە کۆتایی دێڕدا دەگەیشتە ترۆپك.

ئەم باسوخواسەی سەبارەت بە کۆڕەکە وامان لێدەکات زیاتر ڕۆبچینە ئەزموونی شێرکۆ بێکەس، کە بەیەکێکە لە دەوڵەمەندترین ئەزموونەکانی شیعری هاوچەرخ کوردی دائەنرێتو لە زۆربەیان قووڵترو هەمەچەشنترە بە ویژدانی دەستە جەمعیی ئەو میللەتە نەمرەی کە دەیەوێت لە نێو خەرەندە قووڵەکان و شاخە بەرزەکانییەوە بە دوای ناسنامەی خۆیدا بگەڕێت کە سواغ دراوە بە تیشکی خۆر و خوێن.

شیعر لەلای شێرکۆ بێکەس هەوڵدانێکی بەردەوامە بۆ گرێدانی ورەدەکارییەکانی ژیان-ی- دایك و بە ماڵیکردنی شادەمارەکانی زوبانو هێمنکردنەوەی

ئاڵۆزیی سروشت و هەڵچوونی واقیعی تراژیدی، شێرکۆ وەك زۆربەی شاعیرانی تر مەحکومە بە نەفرەتی وەچەو سامناکیی جوگرافیاو مێژووی خوێناوی، بێهودە دەیەوێت دەرفەتێك بدۆزێتەوە بۆ پشوو و هێمنیو هەناسە بەسەرکردنێك، ئەم توخمانە کە کۆبوونەتەوە وا دەکات لەم شاعیرە کوردە، ببێتە بارمتەیەکی قەدەری لە ناو ژیان، هەروەها لە ناو شیعرداو دەیخاتە سەر رێگای گوزارشتی داستان و سروودی هۆمیرۆسی هەڵچوو.

لەوانەیە ئەزموونی بێکەس و سەلیم بەرەکات باشترین نموونە بن لەسەر چوون بە ناویەکی زمانەوانی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا، هەر ئەمەش وا دەکات کە هاوسەنگییەك دروست بێت لە نێوان حازرو مەجاز و واقیعی و بەخەیاڵبوون، خودی زمان لێرەدا زەویو سروشتێکی ترە لەو ئەرخەبیلە بەدرەفتارە تووند و تیژەی پارچە پارچەبوونی رۆح، دەرفەتیش بۆ گەرانەوەو بێلایەنی، تەنانەت دەرفەتیشی نییە بۆ لاڵەپەتەیی.

لە بارودۆخێکی لەم چەشنەش سروشتدا واز لەوە دەهێنێت کە ببێتە بابەتێك بەسەر شانو باڵی شێرکۆ بێکەس هەڵبدات و وەسفی بکات، بەڵکو دەبێتە پاڵپشتی بۆ رووبەرووبوونەوەی جەورو ستەم، مرۆڤ لەلای شێرکۆ دەزگایەکی پڕ لە هەستە، هەست بە مانای فیسیۆلۆژی نا، بەڵکو بەرکەوتنێتی لەگەڵ هەموو توخمەکان، دەنگ و قورگ و دەنگدانەوە لە یەك ساتدا، گوڵ و بۆنی خۆش و لووت لە یەك ساتدا، رووناکیو چاو و رەنگ، ئا بەم شێوەیە کوردستان دەبێتە دڵۆپەی هەست، لە شوێنێك دەبێتە هەستی بینین وەك لە دیوانی (رەنگدان) دەیبینین، لە شوێنێکی تردا دەبێتە هەستی بۆنکردن وەك لە دیوانی (بۆننامە)دا دەیبینین، هەموو هەستێك لەلای شێرکۆ چاوێکی کراوەیە، دەتوانێت بەسەر رابووردوودا بروانێت یان دەتوانێت خرۆکەی جوانی ببینێت کە بە هەوادا تێدەپەڕێت.

ئەگەر ئەم نووسینە خێرایەم جێگای ئەوە نەبێتەوە کە باسی ئەزموونی ئەم شاعیرەم کردبێت، خۆ جێگای ئەوە دەبێتەوە بەخێرهاتنی ئەم میوانە دەگمەنە بکەم، کە پڕیەتی لە راستگۆیی و دڵفراوانیو هێزێکی سەیری هەیە.

ئەمە سەرەرای هەڵگرتنی ئەو هەموو قورساییەی ژیان، کە دەیەوێت خۆی بەدوور بگرێت لە چاڵوچۆڵیی ئایدیۆلۆژیاو خزینی گوتاری سیاسیی نالەبارو لەجیاتی ئەوە هەرداو هەرد دەکات لە نێو سروشتی کوردستان.

**ن. شوقی بزیع**

**ئا: کاوە حەسەن**

**سەرچاوە:**

رۆژنامەی (الحیاة) 2008/8/4


# Kurdish poet owes his life to his verses

VERCIHAN ZIFLIOĞLU
İSTANBUL - Turkish Daily News

**Sherko Bekas, a prominent Kurdish poet and former culture minister of a local Kurdish administration in northern Iraq, is currently in Istanbul. He is considered the greatest Kurdish realist poet in modern Kurdish literature**

One of the greatest figures in modern Kurdish poetry and recipient of the Tucholsky Scholarship, awarded by the Swedish PEN Center, Sherko Bekas, is currently in Istanbul.

Bekas was invited to Turkey by the Institute for History and Social Sciences (Tarih ve Toplum Bilimleri Enstitüsü) as part of the third International Istanbul Poetry Festival and told the Turkish Daily News about the hard times he experienced during the reign of Saddam Hussein, Iraq's former leader, and the death fatwas (decrees) issued against him by radical Islamist organizations.

Bekas, who spent his youth in the mountains and caves escaping Saddam Hussein's forces, said, "I fought against Saddam not with my weapon but with my pen and my emotions." Bekas, who said, "Under bombardment and while bullets were buzzing around me, I was defying death with my verses," has won awards totaling millions of dollars thus far. The people and political parties of a local Kurdish administration in northern Iraq unanimously nominated Bekas as culture minister during general elections in 1992 and he served in that position for one year and three months. "While I was sitting in my chair with official delegations coming and visiting me, I was scrabbling verses on files on the desk," he said. He resigned from office because for him, "The chair of poetry was superior to that of politics." Bekas said, "The language of poetry is beauty and love, and poetry is oppositional by nature. Politics and poetry cannot be buddies on the same path."

The 68-year-old poet said he is

**هەواڵی کۆڕی شیعر خوێندنەوەی شێرکۆ بێکەس لە رۆژنامەی (تورکیش دەیلی نیوز) لە رۆژی 26ی ئەپریلی** 2008.

# هەواڵی ئەدیبان

□ ماوەیەکی زۆر پێمان وابوو کە فرازز کافکا داوای کردووەکە دوای مەرگی دەستنووسەکانی بسووتێنرێ،کە چی ئێستا دوای بڵاوبوونەوەی بیرەوەری و نامەکانی نێوان کافکاو (ماکس برود)ی برادەری دەرکەوتووە کە کافکا داوای کردووە تەنیا دەستنووسی رۆمانەکانی بمێنن و ئەوانیتر چی نامەو کاغەزی رەشکراوە هەیە کەس نەیخوێنێتەوەو بسووتێنرێن.

□ (رۆمانی عاشقەکان)ی ژنـــــە رۆماننووسی نەمساوی، خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ (ئەلفریدە یلینك) لەلایەن د.مستەفا ماهیرەوە کراوەتە عەرەبی، بەڵام زۆر رستەو وشەو پەرەگرافی لێ لادەبردرێ. (یلینك) بەوە ناسراوە کە ئەدەبی رووت دەنووسێ، بۆیە مستەفا ماهیر ئەو شوێنانەی لە رۆمانەکە لابردووە کە دیمەنی سێکسین و دەڵێ: بۆ ئەوەی خوێنەری عەرەب هەست نەکا کە نووسەرەکەی (قەحبە) یان (گەوادە) یان بێ ئەدەبە!! ماهیر پێشتر بەشێکی زۆری ئەدەبی ئەڵمانیی کردۆتە عەرەبی.

□ شێرکۆ بێکەس لە بەیروت گلەیی لە ئەدیبو رۆشنبیرانی عەرەب دەکا کە کاتی کوشتنی کوردەکان لە هەشتاکاندا بێدەنگ بوون و ئێستاش ئەدیبی هەموو دنیا دەناسن، کەچی ئەدیبێکی کورد ناناسن.

□ فەرهاد شاکەلی گلەیی لە شاعیرانی هەشتاکان و دواتر دەکا کە (ئەو زمانە کوردییەی لەسەر دەستی گۆران و نەوەکەی دوای گۆران (مەبەستی حەفتاکانە) گەیەنراوەتە پلەیەکی بەرزی جوانی، ئێستا بە هۆی نەشارەزاییو تێکچوونی میزاجی کوردەواری بەشێکی زۆری نووسەرانی ئەمڕۆ بەرەو پووکانەوەو ژاکان دەچێت).

□ ئەدۆنیس دەربارەی شار و دابەشکردنی بەسەر مەزهەب و ئەتنیك و رەگەزدا دەڵێ: (ئەم شەقامە شیعەیە) هاورێکەم وتی: ئەمەشیان سوننییە، ئەوەیان مەسیحی... پێت وایە شار بریتییە لە کۆی ئەو هەموو شەقامانە؟ گەر وابێ کوا ناسنامەی وەکو شارێك؟ ناسنامە، لە رووی شارستانی و مرۆڤایەتییەوە، کولتوورەو پەیوەستبوونە بە زمانەوە، بە هونەرەوە، بە زانستەوە، نەك بە ئایین و گروپ و رەگەزو ئەتنیك.



## چەمکی عەدالەت لە رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا

موحسین ئەدیب، ماوەیەکە سەرقاڵی توێژینەوەیەکە لەسەر چەمکی عەدالەت لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی (بەختیار عەلی)دا، پێمان باش بوو سەبارەت بەو توێژینەوەیە ئەم وتووێژەی لەگەڵدا ئەنجامبدەین:

*ئاییندە: لە دووتوێی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا زۆر شت هەیە، زۆر بابەت قسەی لەسەر دەکرێت، چەمکگەلێکی جۆراوجۆر مشتومڕی زۆریان دروستکردووە، پرسیارەکە ئەوەیە تۆ بۆچی چەمکی عەدالەتت هەڵبژاردووە بۆ بابەتی لێکۆڵینەوەکەت؟

- موحسین ئەدیب: ئەمە راستە، شاری مۆسیقارە سپییەکان زۆر چەمکی سەرلەنوێ پێناسەکردۆتەوە، بابەتگەلێکی زۆری وروژاندووە، دەستی خستۆتە سەر زۆر مەسەلەی گرنگ کە رۆشنبیرو ئەدیبی کورد فەرامۆشی کردوون، یان سەرپێییانە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، بەڵام بەختیار عەلی هاتووە لە شاری مۆسیقارە سپییەکاندا سەرلەنوێ بەرگێکی دیکەی بەبەردا کردوونەتەوە، لە دیدگایەکی تایبەتو جیاوازەوە لەسەریان دەدوێت، جۆرێك لە فزولیمان تیا دروست دەکات کە بەدوایاندا بچینو ببنە بابەتی

بیرلێکردنەوەی ئێمەش، لەو چەمکانەش (جوانی، حەقیقەت، چاوەڕوانی، ئاوارەیی‌و پاکبوونەوە،...هتد)، شاری مۆسیقارە سپییەکان پانتاییەکی شایستەو گونجاوی بۆ گەڕاندنەوەی بەهاو گرنگی بۆ هونەر بەگشتی‌و مۆسیقاوو تابلۆ بەتایبەتی تەرخانکردووە، بەڵام بەڕای من هەموو ئەمانە ئامرازن بۆ خزمەتکردنی چەمکێکی گرنگترو جەوهەریی تر کە بریتییە لە لێبوردەیی، واتە بەبۆچوونی من کۆی ئەو ڕۆمانە ئیشکردنە لەسەر چاندنی ڕۆحییەتی لێبووردەیی لە ناخی تاکی کوردو خوێنەردا، بەڵام چاندنی ڕۆحییەتی لێبووردەییش هەروا کارێکی سانا نییە، بۆیە نووسەر بۆ ئەو مەبەستە هاتووە کارێکی جدیی لەسەر چەمکێکی دیکە دەکات کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو ئۆرگانیی هەیە بەلێبووردەییەوە کە بریتییە لە چەمکی (عەدالەت)، واتە مەحاڵە ئێمە باس لە لێبووردەیی بکەین بەبێ ئەوەی قسەیەکی جدی‌و قووڵمان لەسەر عەدالەت نەبێت‌و هەوڵنەدەین بەجۆرێکی دیکە بیخوێنینەوە، واتە بەختیار لەو تێکستەدا هاتووە چەمکی عەدالەتی کردۆتە وێستگەیەك بۆ گەیشتن بە لێبووردەیی، چونکە بەبێ سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەو ڕاڤەکردنەوەو دروستکردنی گومانی ڕاستەقینە لەسەر چەمکێکی جەوهەری‌و هاوکات باوو سواوی وەك چەمکی عەدالەت ناتوانین چەمکی لێبووردەیی لە ناخی تاکەکاندا بینا بکەین، هەر لێرەوەیە لە تانوپۆی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا عەدالەت بەشێوازی جۆراوجۆر بابەتی قسە لەسەرکردنە، قوربانی قسەی لەسەر دەکات، جەلاد لەسەری دەدوێت، کاراکتەرە حەکیمەکان‌و کاراکتەرە سادەکان خوێندەوارو نەخوێندەوار کەسایەتیی مۆدێرن‌و ڕۆشنبیرو تەقلیدی‌و مەلا لەو تێکستەدا هەریەکەی بەشێوازی جۆراوجۆر بەگوێرەی ئاستی تێفکرینی خۆی لەسەری قسە دەکەن، لە هەموو ئەمانەش زیاتر ئەگەر تێبینی بکەین لە (شەوی حیساب)دا ئەوەندەی جەللاد دادگایی دەکرێت، زیاتر لەوە خودی چەمکی عەدالەت دادگایی دەکرێت.

**ئا: ئیدریس عەلی**



# نۆرمان میللەر:

**نووسینی ڕۆمان باڵاترو سەختترە لە هەموو شتەکانی تر!**

نۆرمان میللەر، براوەی خەڵاتی پۆلتێزەری ئەدەبی- کە تەمەنی خۆی لە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕۆماننووسیندا بەسەر بردووە، لەم چەند هەفتەیەی ڕابردوودا کۆچی دوایی کرد، بەر لە کۆچی میللەر دوا ڕۆمانی خۆی بە ناوی (قەڵایەك لە دارستان) بڵاوکردەوە کە ڕۆمانێکە ڕووداوەکانی پەیوەستە بە ژیانی هیتلەرەوە، میللەر چەندین جار لە ڕێگەی میدیاکانەوە وتبووی بە زوویی ئەم دنیایە بەجێدەهێڵێت و ئەو کتێبەش بە ناتەواوی دەمێنێتەوە، بەپێی ئاژانسی میهر (نۆرمان میللەر)ی ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی دوو کتێبی بەم دواییانە بڵاوکردۆتەوە بە ناوی (قەڵایەك لە دارستان)و (دەربارەی خودا). میللەر باوەڕی بەوە هەبووە کە نووسەر دەبێت ترسنۆکی بخاتە لاوەو بە ئازایەتییەوە ڕووبەڕووی ڕووداوەکان ببێتەوە، میللەر خۆی ئەو توانایەی هەبووە لە ڕێگەی ئەو ئازایەتییەوە توانیویەتی خوێنەرانی شەیداو سەرسام بکات، ئەم گفتوگۆیەش کە دەیخوێننەوە دوای مەرگی لە ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا میللەر باس لە دوو بەرهەمیی دەکات (قەڵایەك لە دارستان)و (دەربارەی خودا) کە مانفێستی ئەندێشەکانی هیتلەرن.

***ئایا ئێوە ڕۆمانی (قەڵایەك لە دارستان) بە باشترین ڕۆمانی خۆتانی دەزانن؟**

-من نۆ ناڵم (ڕۆمان) هەیە، ناتوانم یەکێکیان

بخەمە پێش ئەویتریانەوە، ئێستا لەسەر رۆمانێك ئیشدەکەم بە ناوی (قەڵایەك لە دارستان) کە سەرو سەودای لەگەڵ ژیانی هیتلەردایە، من حاڵی حازر تەمەنم 84 ساڵە هەستەکانم پێمدەڵێن کە ناتوانم ئەو رۆمانە تەواو بکەم، پەیمانیش بە کەس نادەم کە تەواوی دەکەم، بەڵام ئەگەر بتوانم ئەو رۆمانە تەواو بکەم و ژیانی هیتلەر لە رێگەی رۆمانەکەوە بگوازمەوە بۆ خوێنەرانی، ئەوە ئەوکاتە دەتوانم بڵێم ئەم دوو رۆمانە پێکەوە یەك رۆمانی تەواویان پێکهێناوە.

***پێشتر ئێوە وتبووتان، ئەگەر بتوانن رۆمانی (قەڵایەك لە دارستان) تەواو بکەن، ئەوە مەزنترین کارە کە لە ژیانتاندا دەیکەن؟**

-هیچ کاتێك نابێت تەخمینی ئەوە بکرێت کە ئایا بە بڵاوبوونەوە رۆمانە تازەکە چی روودەدات، لەوانەیە دوای بڵاوبوونەوە رۆمانەکە شایەنی پێشوازی لێکردن نەبێت، بەتایبەتی بڵاوبوونەوەی رۆمانێکی وەك (قەڵایەك لە دارستان)، سەرەرای ئەوەش رۆمانگەلێکی سەرنجراکێش هەن کە لە نووسەرە گەورەکانەوە بۆمان ماونەتەوە وەك جۆن ئەپدایك و کورمەك مکارتی و نووسەرانی تر کە ئێستا لە خەیاڵمدا نین.

***ئێوە بەرهەمی هەموو ئەوانەتان خوێندۆتەوە؟**

-من هیچ یەکێکم لەوانە نەخوێندۆتەوە، کتێبەکانی ئەوانی تر زۆر ناخوێنمەوە، چونکە جگە لە دەردەسەری هیچی تر نین، بەڵام کاتێك رۆمانە باشەکان دەخوێنمەوە بە شێوەیەکی نائاسایی چێژی لێ وەردەگرم، کاتێك هەست دەکەم رۆمانێك جوانە چەند جارێك دەیخوێنمەوە. زۆر حەز بە رۆمانی جادەمکارتی و پەنیشون دەکەم، ئەو هەستەم هەیە بەرامبەر بەو دوو رۆماننووسە کە ئەوان بە رێگەیەکی جیاواز رێنمایمان دەکەن.

***بە هەمان شێوە کە لە کتێبەکەتاندا نووسیوتانە، ئایا ئێوە بە راستی باوەڕتان وایە کە شەیتان لە قاڵبی هیتلەردا بووە؟**

-بەڵێ، بە هەمان شێوەیە کە لە رۆمانەکەدا نوسیومە، زۆریشی سەرسام کرد، باوەڕم وایە شەیتان لە قاڵبی هیتلەردایە، چونکە کاتێك کە باوەڕم بە خودا بوو و باوەڕم بەوە هەبوو کە عیسا نێردراوی خودایە، دەبێت باوەڕیشم بەوە هەبێت کە شەیتان لە قاڵبی هیتلەردایە.

***کاتێك ئێوە دەربارەی خودا و شەیتان قسە دەکەن پێتان دەڵێن شێت بووە؟**

-هەڵبەتە ئەم بیرکردنەوەیە هەڵەیە، کاتێك کەسێك قسە لەسەر خودا و شەیتان دەکات پێی دەڵێن شێت، ئەگەر هیچ باوەڕێکت نەبێت ئەوە بە کەسێکی عاقڵ دادەنرێت، من بەو کەسانە دەڵێم کە لە تێروانینی عەقڵییەوە کەموکوڕییان هەیە، من هەموو ئەو کەسانە مەحکوم دەکەم کە باوەڕیان بە خالقی خۆیان نییە.

***ئایا رۆمانە تازەکەتان بزوێنەری هەستەکان نییە؟**

-ئەوە یەکێکە لەو شتانەی کە هەمیشە وام لێدەکات هەست بە غرور بکەم، چونکە من دەمەوێت هەموو کتێبەکانم بزوێنەرو جوڵێنەری هەستەکان بن.

***جارێك وتبووتان سوودی نووسین چییە کە نەتوانێت مرۆڤ شەیدا بکات؟**

-تەماشاکە، هەمیشە ئەوە نووسەرە ترسنۆکەکانن کە لە شەیداکردن و سەرسامبوونی مرۆڤەکان سڵدەکەنەوە و پێ هەراسان دەبن، لەوە دەترسن نەوەکو خوێنەرانی خۆیان لە دەست بدەن، من باوەڕم بەوە هەیە نابێت نووسەر لەوە بترسێت و دەبێت بەو باوەڕەوە دەست بداتە قەڵەم کە زۆر بەهێزەو دەتوانێت باوەڕو ژیانی مرۆڤەکان بگۆڕێت، بە هێزترین هۆکاری نووسینیش ئاگایی بەخشینە بە خەڵك، کارێك کە نووسەر دەیکات ئەوەیە مێشکی مرۆڤەکان زیاتر بەسەر دونیادا بکاتەوە، ئەمە ئەگەرچی ئەم رەوشە بۆ مرۆڤەکان دەردناك و ئازاربەخشیش بێت.

***گوایە وتوتانە بۆ نووسینی رۆمانی (قەڵایەك لە دارستان) پێویستتان بە پەنجا ساڵ بووە، ئایا لەسەر هەمان باوەڕ ماویت؟**

-تێپەڕبوونی کات بەو مانایە نەبووە، کە ئەو چیرۆکە پەنجا ساڵ لە مێشکی مندا بووبێت، من 75 ساڵە بیر لە هیتلەر دەکەمەوە، واتە لە تەمەنی 9 ساڵیمەوە بیرم سەرقاڵ بووە پێوەی، چوار ساڵە دەستم بە نووسینی ئەو رۆمانە کردووە بە مانایەك من 70 ساڵ بیرم لێکردۆتەوە، ئەڵبەتە نەك بەو شێوە بەیانیان بە بیرکردنەوەی ئەو خەبەرم بووبێتەوە، نەخێر، بەڵام هەمیشە لە یادم بووە.

***لەسەر کتێبێکی تر کار دەکەیت، بە هەمان شێوە هەر لەسەر هیتلەرە، ئەمە راستە؟**

_ئەگەر تەمەن رێگە بدات لەسەر رۆمانێکی تر کاردەکەم، بەڵام دڵنیام لەوەی زۆر نازیم، نووسینی ئەو رۆمانەش بەلایەنی کەمەوە پانزە ساڵی دەوێت،

لەوانەیە هەر سێ چوار ساڵی تر بژیم.

***بەڕاستی هەر وا بیر دەکەیتەوە کە سێ ساڵی تر دەژیت؟**

-ئەگەر نەڵێم لە سێ ساڵ زیاتر زیندووم، دەبێت ئەوە بڵێم کە تەمەنی نووسینم زۆر بە زوویی تەواو دەبێت، ئەو ڕۆماننووسانەی کە تەمەنیان لەسەروو هەشتا ساڵییەوەن بە پەنچەی دەست دەژمێردرێن.

***زۆربەی رەخنەگران باوەڕیان وایە ئێوە زیاتر لە بواری ڕۆژنامەگەریدا ڕووبەڕووی قەیران دەبنەوە وەك لە بواری ڕۆماننووسیدا، تێڕوانینی خۆتان چییە؟**

-نووسینی رۆمان باڵاتر و سەختترە لە هەموو شتەکانی تر، من لەگەڵ ئەو رەخنەگرانەدا نیم، رۆمانەکانی من زۆر جیاوازن، نیوەی ئەوە لە رۆژنامەگەریدا بەکارم هێناوە، چونکە نووسین لە بواری رۆژنامەنووسیدا خێراترە لە چاو نووسین لە بواری رۆماندا. رۆماننووسین وەك عاشق بوون وایە. ئایا مرۆڤ دەتوانێت بڵێت دەمەوێت هەفتەیەکی تر عاشق بم؟

***چ تێڕوانینێکتان هەیە لەسەر فلیپ رۆس؟**

-رۆس نووسەرێکی زۆر خۆشەویست، ئەویش لەبەر ئەوەیە بە شێوەیەکی نائاسایی هەمیشە ئامادەیە، ئەو کۆمەڵێك خوێنەری بۆخۆی کێشکردووە، ئەوانە مرۆڤگەلێکن باوەڕیان بە خوداو شەیتان نییە، ئەوانە منداڵەکانی رۆشنفکرین بەرەو زیرەکی خۆیان هەڵدەکشێن، رۆس گەلێ کتێبی سەرسورهێنەری نووسیووە، هەموویشی ئەوانەن کە خۆی حەزی کردووە بیاننووسێت، بە یەکێك لە نووسەرە باشەکانی ئەمریکا دەژمێردرێت، نزیکەی دە بۆ بیست کەسی تر هەن وەك ئەون بۆ نموونە: دەن دلیلو، ڤنەگات، جۆن ئیرۆینگ، دکتۆرۆف، جۆن ئەپدایك و چەند نووسەرێکی تریش.

***ژیان لە سەردەمی پیریدا ناشیرینە؟**

-نا، نەخێر بەو شێوەیە نییە، شتێکی جوان لە تەمەنی پیریدا هەیە کە مرۆڤەکان بێئاگان لێی، ئەویش ئەوەیە لەم تەمەنەدا ئەگەر ئارام و عەسابسارد بیت لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانت تووشی هیچ گرفتێك نابیت، ئازارەکان زۆر بە ئارامی بەلاتدا تێدەپەڕن، من بە ئارامی ژیان بەسەر دەبەم.

**و: چنور محەمەد**



# ئالبرێشت دوور، دەستی نزابێژ

سەدەی پانزەهەمی زایینی لە لادێیەکی بچوکی نزیك (نۆرمبێرگی ) ئەڵمانی، خێزانێکی هەژدەکەسی ژیانیان بەسەر دەبرد، سەرۆکی خێزانەکە زەرەگەرێکی لێهاتوو بوو، تەنها بۆ دابینکردنی بژێویی خێزانەکەی ڕۆژانە هەژدە سەعات کاری دەکرد، هەر کارێکی دیکەی ئەنجامدەدا کە پولو پارەیەکی دەربهێنایە، بە بوونی ئەم ڕەوشە بە رووخسار نائومێدبەخشە، دوو کوڕی گەورەی خێزانەکە (ئالبرێت) و (ئالبرێشت دوور) خاوەن خەون گەلێك بوون و دەیانویست لە کایەی هونەردا پەرەی پێبدەن، بەڵام هەردووکیان باشیان دەزانی کە باوکیان ناتوانێت بۆ خوێندن بیاننێرێتە (نۆرمبێرگ).

دوو براکە شەوانێکی دوور و درێژ پێکەوە لەم بارەیەوە لە گەڵ یەکدی دەدوان، تا ئەوەی کە دواجار بڕیاریان دا کە شێرو خەتێکی بۆ بکەن، کەسی دۆڕاوە بڕوات بۆ کارخانەو خەرجیی خوێندنی ئەوی دیکە دەربهێنێتو دوای ئەو، سەرەی براکەی دیکەیە کە براوە بێت، تاوەکو براکەی بە فرۆشتنی بەرهەمە هونەرییەکەی، یاخود تەنانەت ئەگەر پێویست بکات

به كرێكاری له كارخانه پشتگیری بكات تا ئەویش بتوانێت له زانكۆ بخوێنێت.

رۆژێكی یەكشەممە، كاتێك كه له كڵێسا دەگەڕانەوە پارەیان هەڵدا و (ئالبرشت) بردیەوەو چوو بۆ نۆرمبێرگ، (ئەلبێرت)یش چووە كارخانەو چوار ساڵی تەواو به سەختی كاری دەكردو خەرجیی خوێندنی براكەی دەردەهێنا.

ئالبێریشت ورده ورده پێشتر دەكەوت، قەڵەمه رەشەكانی، هەڵكۆڵین و وێنەكێشانی ئەو، تەنانەت له كاری مامۆستاكانیشی باشتر بوون و سەردەمێك كه خوێندنی تەواوكرد توانیی دەستمایەیەكی دیار بۆ كاره هونەرییەكانی بەدەست بهێنێت.

كاتێك كه هونەرمەندی لاو گەڕایەوە بۆ ئاواییەكەی، خێزانەكەی ئاهەنگێكیان بۆ سازدا، پاش خواردنی ئێوارەخوانێكی گەورە، ئالبرێشت به شانازییەكەوه له جێگەكەی خۆی هەستایەوه بۆ سوپاسگوزاری له برا خۆشەویستەكەی كه ساڵانێك له تەمەنی خۆی كرده قوربانیی بەدیهێنانی خەونەكانی، ئەو لێی نزیكبووەوەو وتی: ((برای باشم ئێستا ئیدی سەرەی تۆیه، ئیدی دەتوانیت بڕۆیت بۆ نۆرمبێرگو خەونەكانت بهێنیته دی، من پشتگیریت لێدەكەم)).

هەموو ئەندامانی خێزانەكه سەریان بەرەو كۆتایی مێزەكه وەرچەرخاند، ئەو شوێنەی (ئالبێرت) تیایدا دانیشتووە و بەئارامییەكەوه ئەشك بەگۆنا رەنگاورەنگەكانیدا دێته خوارەوە، سەری بادەدا و بەردەوام دووبارەی دەكردەوە: (نە...نە... نەخێر) دواجار فرمێسكەكانی سڕی و سەیرێكی ئەو رووخسارانەی كرد كه خۆشیدەویستن و وتی: (نەخێر برام من ناتوانم بڕۆم بۆ نۆرمبێرگ، بۆ من درەنگی كردووە، بڕوانه ببینه چوار ساڵ كاری پڕوكێنەر له كارخانه چیی بەدەستەكانم كردووە، ئێسكی هەموو پەنجەكانم شكاون، من لەو ڕۆژەوه رەنج و ئازار دەبەم، تەنانەت ناتوانم به ئاسانی ئەم پەرداخەش له دەستەكانمدا بهێڵمەوه و بیانپارێزم، چ جای ئەوەی بمەوێت هێڵێكی ناسك لەسەر كاغەز، یاخود وێنەی پەپوویەكیش بكێشم!! نەخێر برام ئیدی بۆ من زۆر درەنگه) ئالبرێشت بەبیستنی قسەكانی براكەی بۆ ساتێك تێراما، چیدی نەیتوانی ئارامبگرێت و ژوورەكەی بەجێهێڵا.

دواتر، رۆژێك ئالبرێشت بۆ رێزلێنان له هەموو فیداكارییەكانی ئەلبێرتی برای، داوای له ئەلبێرت كرد تاوەكو سەردانی ژووری كاركردنی بكاتو بۆ ماوەیەك له كەناریدا دابنیشێت، له كاتێكدا كه ناولەپی دەستەكانی بەیەكدا نووسابوونو پەنجەكانی بەرەو سەرەوه درێژ بووبوون، ئەو كاته ئالبرێشت به ناسكییەكی تایبەتەوه وێنەیەكی له دەسته بێ وزه و پەنجه لاوازەكانی براكەی كێشا، وێنەیەك كەئێستا هەموو خەڵكی جیهان دەیناسن و به یەكێك له وێنه بەناوبانگەكانی مێژووی هونەر دادەنرێت.

ئەو داستانەی كه خوێندتەوە، یەكێكه لەو ریوایەتانەی كه پێمان دەڵێت تابلۆی (دەستی نزابێژ) چۆنچۆنی هاته بوونەوە، تابلۆیەك كه له بەناوبانگترین كارەكانی ئالبرێشت دووره، بەڵام ئەم ریوایەته زۆر دیكۆمێنتی نییه، هەندێك ئەم دەستانه به دەستی یەكێك له دۆستەكانی (دوور) دەزانن كه به هۆی بەخشندەییەوه یارمەتیی ئەوی داوه تاوەكو له زانكۆی نۆرمبێرگ بخوێنێت، له گێڕانەوەیەكی دیكەدا كه راستگۆیانەتر دێته پێش چاو، ئالبرێشت دوور ئەم تابلۆیەی به دیاری ناردووه بۆ بازرگانێكی سەرمایەدار كه ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانیی فرانكفۆرت بووە، بۆ رازاندنەوەی میحرابی كڵێسایەكی كێشاوە.

دوور هونەرمەندێكی ئەڵمانی بوو، هونەرمەندێك كه وێنه رەنگ شینەكانی ئەوی كرده یەكێك له یەكەمین وێنەكێشانی تابلۆ له ئەوروپا، كاری هەڵكۆڵینی بەرزەفرانەی ئەو لەسەر دار ئەو رستەیەی نیشانی هونەرمەندان دا كه دەشێت چ كارگەلێكی جۆراوجۆر له سەر رووی دارۆ ئەنجام بدرێت، نموونه چاپكراوەكانی به شێوەیەكی فەرمییانه ئەوی كرده یەكێك له گەورەترین هونەرمەندانی قۆناغی رێنسانس له باكوری ئەوروپا.

**و: جەمال محەمەد هەڵەبجەیی**

# مەرگی گوڵە سپییەکان





له مانگی ئابی ئەمساڵدا دوو ئەدیبی دیاری مرۆڤایەتی ماڵئاواییان لێکردین، سۆلجنستین له تەمەنی نەوەد ساڵیدا و مەحمود دەروێش له شەست و حەفت ساڵیدا. ئەو دوو ئەدیبە یەکیان رچەشکێنی ئەدەبی رووسی بوو له دوای باسترناك کە دەنگی ئازادی رووسەکانی لە زیندانی پۆلاینی سۆڤیەتەوە گەیاندە دونیا و لەرێی وشەوە جەنگی مرۆڤایەتی لە دژی یەکێك لە رژێمە سەرکوتکەرە هەرە سەختەکان بەرپاکردو پەیامەکەشی گەیاند و پاش ئەوەی رژێمەکە لە ناوچوو ئەو هەرمایەوەو لە خەزانی تەمەنییدا دوای ساڵانێکی زۆری دەربەدەری گەڕایەوە وڵات.

پاش ئەوەی خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەب پێبەخشرا لە بەرامبەر رۆمانەکانی کە هەموویان بانگەشە بۆ یەکسانییەك دەکەن کە پشت بە مرۆڤایەتی دەبەستێ نەك ئاین.

ئەوەی تریان کە جێی هێشتین و فرمێسکی پێرشتین کۆچی شاعیری فەلەستینی مەحمود دەروێش بوو.

مەحمود دەنگێکی جیاوازبوو لە شیعری تازەی عەرەبیدا و بە شاعیری بەرگری فەلەستین ناسرابوو، لە هەقیقەتیشدا هەروابوو. هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ هاوڕێ شاعیرەکانی تری وەکو سەمیح قاسمو تۆفیق زیاد گیانی بەرگری و شیعرییان تێکەڵ یەکتری کردوو رۆژبە رۆژ لەگەڵ گۆڕانکارییەکان باڵای شیعریی مەحمود گەشەی دەکرد، دواتریش کە دەسەڵاتی فەلەستینییەکان دامەزرا لای مەحمود کێشەکە وەك شیعر تەواو بوو، زیاتر پەیوەندی بەلایەنی هونەریی شیعر داو خیانەتی لەگەڵ شیعرو ویژانی خۆی نەکرد، بە کۆچی دەروێش ستونێکی گەورەی شیعری عەرەبی کەوت، بە تایبەتیش کە ئەو زۆرتر بایەخی بە جۆرە ریتمێك دەدا لە شیعر کە خەریکە لە شیعری عەرەبیدا لە بیر دەچێتەوە، ریتمێك کە نایەوێت شیعر لە دنیای پەخشان نزیك بێتەوە، ئەزموونی دەروێش بیروبۆچوون و لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵدەگرێت، بەلام ئەوەی هاوبەشە لە نێوان هەموو بۆچوونەکان، شیعریەت بوو لای مەحمود دەروێش.



# کۆچی دوایی دەرهێنەرە سەرکێشەکەی قاهیرە

لە پێناوی فراوانکردنی ئازادییدا، پێویستە لە بیرکردنەوە کۆنەکان بدرێت، ئەوسا ئازادیی راستەقینە دەردەکەوێت!

یوسف شاهین پاش دەرهێنانی فیلمی سینەمایی (المصير/ چارەنووس) لە دیدارێکی رۆژنامەنووسیدا پاش بە دەستهێنانی خەڵاتی (کان)ی سینەمایی، پێشبینیی ئەوەی کرد رۆژێك دێت بە دەستی کۆنەپارێزو نەرێتپەرستەکانی میسر لەناوببرێت، پاش زیاتر لە دە ساڵ بەسەر ئەم قسەیەی (شاهین)دا رۆژنامەکانی میسر لە پێشیانەوە (الاهرام) نووسیبووی ( شاهین بە فیلمی المصير/ چارەنووس لەناو نەچوو).

ئەو بەهۆی نەخۆشییەکی نەزیفی دەماخ لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی قاهیرە لە 27/7 کۆچی دوایی کرد، یوسف شاهین کە لە نێوەندی سینەمای عەرەبی و میسریدا بە پیاوە سەرکێشەکەی سینەمای عەرەبی ناسرابوو، یەکێك لەو تایبەتمەندییانەی کە ئەو لە ئەزموونی سینەمای ئەمەریکییەوە پاش خوێندنی سینەمای لە زانکۆکانی ئەوێوە هێنایە نێو سینەمای میسری، زمانی فیلم و تەکنیکی گێرانەوەبوو، ئەمە جگە لەوەی لەو پاشخانە بەرفراوانەی سینەمای ئەمەریکی و هۆلیوودەوە ریتمی سەرکێشی و پەنجە بردن بۆ شتە تاپۆکراوەکانی داهێنا، کە لە ئەزموونی 60 ساڵەی کاری هونەرییدا تووشی دەیان کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووەتەوە، ئەمە جگە لەوەی چەندین جار دادگای لێگیراوەو بە یاساکانی دەوڵەت تووشی لێپرسینەوە بووە، بەتایبەتی لە فیلمەکانی (باب الحديد/ دەرگای ئاسن، المصير/ چارەنووس).

پێش مەرگیشی بە دوو مانگ سەرقاڵی دەرهێنانی فیلمی (هي فوضى _ئەمە بێ سەروبەرەیی) بوو، بەڵام مەرگ رێگەی نەدا دوا دیمەنەکانی ئەم فیلمە نوێیەی وێنەبگرێت.

لەو 60 ساڵەی کاری سینەماییدا 37 فیلمی ریوایی درێژو 6 کورتە فیلمی دەرهێناوە، لەو 37 فیلمە هیچ فیلمێکی نییە خەڵاتی سینەمایی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی وەرنەگرتبێت، لەمەشدا رچەشکێن و تایبەتمەندبووە.

شاهین لە ساڵی 1926 لە ئەسکەندەرییە لەدایك بووە، باوکی بە رەچەڵەك (لوبنانی) ودایکیشی (یۆنانی) بوو، لە خێزانێکدا گەورە بووە بەدەر لە زمانی عەرەبی بە چەند زمانێکی تر دواون لەوانە یۆنانی و ئیتالی و ئەرمەنی، ئەم فرەییەیە لە زمان و نەتەوە کاریگەریی راستەوخۆی هەبووە لەسەر کاری هونەریی ئەو، کە جیایکردبووەوە لە بەشێکی زۆری هاوتەمەنەکانی خۆی لە کاری سینەماییدا، هەر ئەم لایەنەش بووە کە هەندێ جار تۆمەتی ئەوەیان خستۆتە پاڵ شاهین کە گوایە ئەو عەرەب نییە لە بنەچەدا، بۆیە هێندە لە

فیلمەکانیدا رەخنە لە کولتوورو نەریت و بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی عەرەبی دەگریت.

یوسف شاهین لە دیدارە رۆژنامەنووسی و چاوپێکەوتنە گشتییەکاندا زمانێکی راشکاوانەو زبری هەبووە، چونکە ئەو پێی وابوو مرۆڤ لە پێناوی فراوانکردنی پانتاییەکانی ئازادیدا، پێویستە لە بیرکردنەوە کۆنەکان بدریت، ئەوسا ئازادیی راستەقینە دەردەکەویت!

لەو لایەنەشەوە زۆر جار سینەمای شاهین بە سینەمایەکی سیاسی ناوبراوە، بەڵام ئەو خۆی دەیوت: (سینەماکەی من سیاسەت نییە، هێندەی ئەوەی رەخنەگرتنە لە سیاسەت لە سینەمادا)، ئەو پێچەوانەی بەشێکی زۆری رۆشنبیر و هونەرمەندی عەرەبی ئۆباڵی دواکەوتوویی و شکستی پرۆژەی رۆشنبیریی عەرەبی ناخاتە ملی رۆژئاواو ئیسرائیل، بەڵکو راستەوخۆ دەیخاتە ملی سیاسی و دەسەڵاتدارانی عەرەب، ئەم بیرکردنەوەیەش لە هەردوو فیلمی (العصفور/ چۆلەکە، الاختیار/ هەڵبژاردن)دا دەردەکەویت و پاش بەرهەمهێنانی ئەم دوو فیلمەی لە زۆربەی لە وڵاتانی عەرەبیدا نمایشکردنیان قەدەغەکرا، لەپێشی هەموویانەوە زێدی لەدایکبوونی خۆی (میسر).

سەرلەئێوارەی رۆژی یەکشەممە 27/7 بۆیەکەم جار کەناڵی نیل ئەو هەواڵەی بڵاوکردەوە (کۆچی دوایی دەرهێنەرە سەرکێشەکەی قاهیرە) سەرجەم هۆڵەکانی سینەما لە میسر و سەندیکا هونەرییەکانی وڵات و وەزارەتی رۆشنبیری ماتەمینیی سەرتاسەرییان راگەیاند و ئەوسا میسرییەکان زانییان کە چ دەرهێنەرێکی داهێنەریان لەکیس چوو!

**کامەران**



# پەیکەرێك لە سێو...

## نامیق حەمە بەسێو یادەوەرییەکانی دەنووسێتەوە

یادەوەرییەکان، بەشێکی گرنگی ئەزموونی ئەفرێنەرانەی هونەرمەندن، هەندێکجار فلچەو تەکنیکی هونەری ناتوانن بەشێك لەو یادەوەرییە شکستخواردووەی هونەرمەند بگەیەنن بە کەسی وەرگر، هەر بۆیە هونەرمەند بەدوای کەرەستەیەکی تردا دەگەڕیت بۆ ئەوەی زۆرترین لایەنی ئەو یادەوەرییەی

لە کەرەستەیەکی زوو گەیەنەردا بگەیەنێتە بینەر، ئەزموونی (سێو و بۆمبی کیمیاوی) دوا پرۆژەی کاری پەیکەرسازیی هونەرمەند نامیق حەمەیە، ئەم کارەی تایبەتمەند بۆ ئەو چرکەساتانەکردووە کە لە ڕێگەی ئەو بۆمبە تایبەتییەوە کۆمەڵێك مرۆڤی پیرو منداڵ و ژن و عاشق و پێشمەرگەی هەڵەبجەی پێ لەناوبرا، بۆ ئەو کەسە جیاوازانە هونەرمەند سێوی جۆراوجۆری بەکارهێناوە، ئەو دەڵێت لە نەرێت و مێژووی هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا دەیان ناوی سێو هەیە، سێوێك سێوی عەشقە، سێوێك سێوی گەنجە، سێوێك سێوی منداڵە، سێوێك سێوی پیرەژنە...هتد بەو تایبەتمەندییەوە ئەو سێوانەش لای من هاتوونەتەوەو سوودم لەو تایبەتمەندییە وەرگرتووەو بەستوومەتەوە بەو چینە هەمەلایەنانەوە کە لە هەڵەبجە بەو بۆمبە لەناوچوون، ئێستا هەمان بۆمبە لە دەمەکەیەوە لەبری گازی ژەهراوی سێو دەبارێنێت..

لە بارەی ئەوەی کارەکەی پەیکەرسازییە یان ئینستالیشن یان چ کارێکە؟ ئەو پێی وایە کارەکەی هاوبەشە لەنێوان ئەو ڕەگەزانەدا، بەڵام زیاتر بیرۆکە زاڵەو زیاتر ویستوویەتی کار لەسەر بەشێك لە یادەوەرییەکانی خۆی بکات، بۆ ئەوەی ئەو چرکەساتە خێرایانەی کە بە زیهنی ئەوی هونەرمەنددا دێن لەناو نەچن و بچنە چوارچێوەی کارێکی هونەرییەوە، دواجار (پەیکەرێك لە سێو)ی لێدەرچوو، کە ئێوارەی 22/7 لە گەلەری زاموا، شەجەریان پەردەی لەسەر پەیکەرەکەی لادا بەدەر لەو وتەیەی (نامیق حەمە) خۆی شەجەریانیش لە وتەیەکدا سەرسامیی خۆی بە تواناو لێهاتوویی ئەو کارە هونەرییە دەربڕی و پێی وابوو ئەم کارە هونەرییانە دەتوانن بەشێکی زۆری یادەوەرییە ناخۆشەکانی ئەم میللەتە لە لەناوچوون بپارێزن.

بڕیارە ئەم پەیکەرە لە حەوشەی گەلەری زاموا بە شێوەیەکی بەردەوام جێگیربێت.

**ئا: ئایندە**

# وۆرك شۆپێك لەسەر ئەکتەرو نواندن

ئەکتەر چییە؟ ئەکتەر کێیە؟ ئەمە ناونیشانی ئەو وۆرك شۆپە هونەرییە بوو کە شانۆکار و ئەکتەری شانۆیی (زاهیری عەبدوڵڵا ڕەش) سەرلەبەیانی 13/7 لە هۆڵی سیمینارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شانۆ لە سلێمانی سازیکرد، لەو وۆرك شۆپەدا کە بە شێوەی گفتوگۆو بۆچوون گۆڕینەوە سازکرابوو، زاهیر عەبدوڵڵا ڕەش بە ئەزموونی چەند ساڵەی خۆی لە وڵاتی سوید کورتەیەکی لەسەر شانۆ و ئەزموونی نواندن و توانا فیزیکی و ئیستاتیکییەکانی ئەکتەر خستەڕوو، لەگەڵ باسێکی مێژوویی دوورودرێژ لەسەر شانۆ و ئەکتەرو وەزیفەی ئەو کەسەی لە شانۆدا ناوی ئەکتەرەو پیشەی نواندنە لەسەر شانۆ، بەشێکی تری وۆرك شۆپەکە تایبەت بوو بە هەندێ ڕاهێنانی تایبەتمەند بەو بوارانەی لە تیۆری باسەکەیدا هەبوو.

سەبارەت بە وۆرك شۆپەکەش زاهیر عەبدوڵڵا ڕەش پێی وابوو لە ماوەیەکی کەمی وادا کە یەك کاتژمێر کەمتر یان زیاتر، ناتوانرێت وۆرك شۆپ و سیمینارێکی وا بەرفراوان لەسەر ئەو بابەتە گرنگە سازبکرێت، بەڵکو پێویستی بەچەند ڕۆژ دەبێت، چونکە بابەتەکانی ئەو تیۆری و پراکتیکیشن، بۆیە ئەوەشی ڕاگەیاند کە لە داهاتوودا ئەم بابەتەی لەسەر (ئەکتەرو نواندن) وەك کتێبێکی تایبەتمەند و سەربەخۆ چاپدەکرێت، ئەوسا شانۆکاری کورد زیاتر سوودی لێدەبینن.

چونکە پێش هەموو شت پێویستە ئەکتەری کورد بە دوای ئەو پرسیارە گرنگەدا بگەڕێت کە نواندن چییە؟ ئەو بۆ لەسەر تەختەی شانۆ نواندن دەکات؟ نواندن بۆ کێ دەکات؟ جیاوازیی نێوان نواندن و ژیانی ڕۆژانەی ئەکتەر چییە؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن لە وەڵامدانەوەیاندا ئەکتەری کورد دەتوانێت خەرمانێك زانیاریی گرنگی لەسەر ئەم هونەرە دەستکەوێت.

**ئا: ئایندە**



# میدیا ڕەئوف بێگەرد، شانۆییەك بە کوردی و عەرەبیو دانیمارکی پێشکەش دەکات

میدیا ڕەئوفی ئەکتەر، ئێستا لە وڵاتی دانیمارك سەرقاڵی پرۆڤەکردنە لە شانۆگەرییەك بە هەر سێ زمانی کوردیو عەرەبیو دانیمارکی، سەبارەت بەم ئیشکردنەش لە زمانی نمایشدا، میدیا پێی وایە زمان یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی کاری شانۆیی دوای زمانی جەستە، زمانی ئاخافتن تاکە هۆکارە بۆ دروستکردنی پرد لە نێوان نمایش و بینەردا، بۆیە منیش هەوڵم دا ئەو پەیوەندییە لە نێوان ئەکتەرو بینەردا بە ڕاستەهێڵێك بدۆزمەوە کە بینەر کاتێك لە هۆڵێکدابێت بە تایبەتی بینەری ئەورووپی گرفتی تێگەیشتنی نەبێت لە ڕووداوەکانی نمایش..

(هەمووشتێك دوعا)، ناوی شانۆگەرییەکەیەو (میدیا ڕەئوف بێگەرد)، وەك ئەکتەرو دەرهێنەر بەشداریی تێدا دەکات، شان بەشانی سێ ئەکتەری سەرەکیی تر کە ئەوانیش: (ئیمیلیا لاندەر، سەعید سباهی، مەروان سباهی)یە، جگە لە سێ سەماکاری دانیمارکی، بڕیاریشە ئەم شانۆییە کە ئێستا لە قۆناغی پرۆڤەدایە لە چەند مانگی داهاتوودا لە دانیمارك نمایشبکرێت و پاشتریش بانگهێشتی هەردوو فێستیڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتی (ئەسکەندەرییە لە میسرو فێستیڤاڵی شانۆی ئەمازیقی لە مەغریب) بکرێت، ئەمە جگە لەوەی لە بەرنامەدایە لە کوردستانیش ئەم شانۆییە نمایشبکرێت، سەبارەت بە بیرۆکەی گشتی نمایشەکەش وتی: (هەموو شتێك دوعا) بیرۆکەکەی لە مامەڵەکردنی هەستێکی جەندەرییەوە هاتووە لە کۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، کە بە جۆرێکی جیاوازو ئاست نزم سەیری ئەو ڕەگەزە دەکرێت، دیارە ئەم بابەتەش بۆ بینەری ئەورووپی جێگەی سەرنج و گرنگیپێدانە، هەربۆیە ئێمە ئەو بابەتەمان هەڵبژاردووە بۆ کارکردن.

سەبارەت بە ستایل و شێوازی کارکردن لەم نمایشەدا ڕایگەیاند: جۆرێکی تایبەتمەند کارمکردووە، کە ئەو شێوازە درێژکراوەی شێوازەکانی پێشترمانە لە (خوێنی ڕۆژهەڵاتی)و کارە شانۆییەکانی تر.

لە بارەی لێکچوون لە نێوان ئەم پرۆژە شانۆییەو شانۆیی (خوێنی ڕۆژهەڵاتی) ئەوەی ڕاگەیاند:

ئەم دوو کارە لە یەکەوە دوورن، چونکە لەم ئیشە نوێیەدا بەدەر لە چاوی من چەند چاوێکی هونەریی تر وەك چاودێرو نواندنو کاری هونەری بەشدار دەبن. بێگومان ئەمەش جیاوازە لە کارێك کە تەنها خۆم یان دەرهێنەرێك لە پشتییەوە بووە.



# کامەران رەئوف.. بیکێت لە خەوندا دەبینێت

پانتاییەکانی خەون و یادەوەری، دیارترین رەگەزی نێو نمایشەکانی (کامەران رەئوف)ە، لە (سەلەی نانکەرەوە بۆ گەشتەکەی حەسەن و کۆشك و شالیرو وێرانە)، بەڵام ئەوەی ئەم نمایشە نوێیەی (بەم شێوەیە چاوەڕوانییەکەی بیکێتم لە خەوندا بینی) جیاکردەوە لە هەموو ئەو نمایشانەی تری کامەران، یاریکردن بوو بە هەردوو چەمکی خەون و یادەوەری لە کاتی نواندندا، ئەمە جگە لەوەی بەردەوام کامەران لەسەر تەختەی شانۆ بینینی ئێمەی لەناو هۆڵەکەدا رادەکێشا بەوەی ئەو بەردەوام پێی دەوتین من گەرچی دەیان ساڵ لەمەوبەر ئەکتەرێکی وریاو پڕ لە یادەوەری و گەنجبووم لەسەر تەختەی شانۆ، ئێستاش پاش ئەو زەمەنە دوورو درێژە بە هەمان توانستەوە بە خۆم و فێڵ و تەکنیکەکانمەوە لە کاتی نواندندا هەمان گەمەی وێرانەو شالیر دووبارە دەکەمەوە، کە تارادەیەکی زۆریش تەمەن رێگر نەبوو لە جێبەجێکردنی ئەو تەکنیك و فێڵە هونەرییانە ئەو لەکاتی نواندندا..

شانۆییەکەی ئەمجارە کامەران رەئوف و سۆران ئیسماعیل گەمەیان تێداکرد، جۆرێك لە تایبەتمەندیی هەیە لە ئەدەبیاتی شانۆییدا، چونکە ئەم دەقەی بیکێت دیارترین دەقی ئەو نووسەرەیە، گەر لای بیکێت لەم شانۆییەدا چاوەڕوانی و نا دڵنیایی دیارترین رەگەزی شانۆییەکە بێت، ئەوا لای کامەران و سۆران خەونیش دەچێتە پاڵ چاوەڕوانی و لە سەرەتای نمایشەکەوە تا دوا چرکەی نمایش، ئەمە جگە لەوەی هەوڵی دابوو چاوەڕوانیی گۆدۆ لە بەردەم ئەگەرێکدا بوەستێنێت ئەویش ئەگەری خەون و مردنە، کاتێك پاڵەوانێك ئەو چیرۆکە بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە کە پێشبینی دەکات لە داهاتوویەکی نزیکدا بمرێت یان خۆی بکوژێت!

ئەمە جگە لەو توانا سەرنجڕاکێشانەی سۆران ئیسماعیل کە شانبەشانی کامەران رەئوف توانیی بەهێزێکی زۆرو ماندووبوونێکی زۆرەوە، بە هەمان ئاراستەی نواندنی ئەکتەرەکەی بەرامبەری بڕوات، بێگومان سۆران لە کاتی نواندن و لەسەر تەختەی شانۆ توانایەکی جوان و سەرنجڕاکێشەو ناکرێت وا بە سانایی چاوی لێدابخەین.

⋆(بەم شێوەیە چاوەڕوانییەکەی بیکێتم لە خەوندا بینی) ناوی ئەو نمایشە شانۆییەی نووسەری پوچگەرا (ساموئێل بیکێت)ە، کە ئەکتەرو دەرهێنەر کامەران رەئوف لە شانۆیی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ)وە، وەریگرتووەو ئێوارەی 12 و 8/13 لە هۆڵی رۆشنبیری لەلایەن (کامەران رەئوف و سۆران ئیسماعیل)ەوە رۆڵی کارەکتەرەکانی بەرجەستەکراو کامەران رەئوفیش کاری دەرهێنانی بۆ ئەم نمایشە کردبوو..

# گەرانەوە بۆ قوڵاییەکانی بینین

## تێڕامانێک لە دواهەمین پێشانگەی قەرەنی جەمیل

گەرچی ئەو زۆر بە کەمی ئیشدەکات و بە کەمی پێشانگە دەکاتەوە، بەڵام بە هەموو نمایشێک و بینینی هەر تابلۆیەکی هەست بەو قوڵاییە گەورەیەی دەکەیت کە ئەم هونەرمەندە وەک هێڵێکی تایبەتی لەسەر تابلۆکانی بەجێیدەهێڵێت، ڕەنگە ئەزموونی زیاتر لە سی ساڵ کارکردنی ئەو لە بواری شێوەکاریدا و کردنەوەی چەند پێشانگەیەک کە لە پەنجەکانی هەردوو دەست تێنەپەڕێت، ئەو سەرنجەمان زیاتر لا تۆخ بکاتەوە کە (قەرەنی جەمیل) هێندەی دەیەوێت کار لەسەر چۆنایەتی بکات، هێندە مەبەستی نییە چەندایەتی زیادبکات، هەروەک ئەو چەندایەتییەی لای زۆر هونەرمەندی کورد هەستی پێدەکرێت. لەم سەرنجەوە دەکرێت خوێندنەوەیەکی تایبەتی و پڕ لە تێڕامانمان بۆ کارە هونەرییەکانی ئەو هەبێت کە شوناسی کارکردنی لە هونەرمەندێکی ناوچەیی و هەرێمییەوە بەرەو هونەرمەندێکی جیهانی هەنگاو هەڵدەگرێت.

لەو تابلۆیانەی لەم پێشانگەیەدا نمایشکرابوو، زۆر چەمک و خاڵ هەن بۆ قسە لەسەرکردن و تێڕامان، بەڵام ئەوەی لای ئێمە لە پێشەوەی هەموو ئەو شتانەیە، بوونی قوڵاییەکی زۆر لە تابلۆکانیدا، کە زەمەنی هەندێکیان بۆ نزیکەی دەساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەڵام بینینی هەرجارێک لەو تابلۆیانە ماناو هێمایەکی نوێمان دەداتێ لە چێژوەرگرتن لە ڕەنگ و پانتایی و قوڵایی تەکنیک، هەروەک چۆن (قەرەنی جەمیل) زیاتر کار لەسەر قوڵایی چۆنایەتی دەکات بە هەمان شێوەش زۆر هۆشیارە لە دانانی ڕەنگ و پانتایی تابلۆ، زۆر هونەرمەندانەش مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەدا دەکات، بە جۆرێک وەک خۆی ئاماژەی پێدەدا کە هەندێ تابلۆی هەیە بە زیاتر لە مانگێک دروستکراون، ئەمەش بەڵگەی هەست بە بەرپرسیاریکردنی هونەرمەندە لەگەڵ بەرهەمە هونەرییەکەیدا.

لە هەموو تابلۆکانیشیدا مانایەکی تایبەتمەند ئامادە نییە کە بینەر بە یەک تێڕامان ئەو مانایەی دەستکەوێت، هێندەی ئەوەی قوڵاییەکانی کارکردنی ئەو هەست بە هێڵێک دەکەیت تێیدا چاوی ئێمەی بینەر بۆ ژوورەوەی ئەو تابلۆیانە دەبات، کە ڕەنگە هەرچاوێک بە بینینێکی جیاواز ماناو چێژی لێ بەرهەمبێنێت، بە تایبەتیش لەو یاریکردنە جیوەییانە بە ڕەنگەکان و پانتاییە کراوەکانی تابلۆ، بە جۆرێک بینەر بۆ ماوەیەک ڕادەوەستێنێت لە تێڕامان لەو تایبەتمەندییانەی کاری هونەریی ئەم هونەرمەندە، ئەمەش هێمایە بۆ قوڵایی کارکردنی ئەو لە کاری وێنەکێشاندا.

*دواهەمین پێشانگەی قەرەنی جەمیل ڕۆژی 17/8 بۆ 2008/9/17 لە گەلەری سەردەم کراوەتەوە.



# نامەیەکی (بەختیار عەلی)
# بۆ (شێرکۆ بێکەس)



مامۆستای بەڕێز

کاک شێرکۆ بێکەس

خۆشەویستی و ڕێزی بێپایان

هیوام خۆشی و سەرکەوتنتە، لە راستیا هەر حەزمکرد هەواڵێکت بزانم و لە دەنگ و باست ئاگادار بمەوە. تا ئێستا دوو جار هەوڵمداوە بە تەلەفون پێکەوە بدوێین، بەڵام پێدەچێت ئەو ژمارەیەی کە لای منە هەڵەیەکی تیادا بێت، بەهەرحاڵ دەمیشم بە مەریوان نەگەیشتووە تا ژمارەکەتانی لێوەرگرم، بەگشتی تەمەنای تەندروستیەکی باش و بەردەوامیەکی داهێنەرانەت بۆ دەکەم، کە من دڵنیام تۆ هەمیشە ئەو کێوەی شیعریت تا زیاتر بەرەو پێش بچیت زیاتر و زیاتر لوتکەی عاسی و ترۆپکی سیحراویمان نیشاندەدەیت، من ئێستاش هەندێ لە دێڕەکانی دوا قەسیدەت کە لە (فولگا) بیستم لە گوێمدا دەزرنگێتەوە.

مامۆستام، وەکی تر لە راستیا غوربەت و دووری ئەم دوو ساڵە لە کوردستان زۆر ماندووی کردووم، راستە ئێمە جیلێکین لە جیهانێکی زۆر تاڵتر و پیلانتر و پڕ قسوەتتردا گەورەبووین، بە ئەندازەیە کە گەورەیی کارەساتەکان و قورساییان لەسەر ژیانی فەردیمان زۆر جار وایکردووە بوار بۆ هەمان ئەو پەیوەندیە پڕ لە عەشقەی ئێوە نەمێنێتەوە لەگەڵ (نیشتمان)دا، بەڵام من هەمیشە وەك رۆح عاشقێکی شێتی کوردستان و دێوانەیەکی (سلێمانی)بووم... وەلێ موخابن تا ئێستا ئەوە لە ئەدەبیاتمدا باش رەنگی نەداوەتەوە.

کاک شێرکۆ رەنگە بۆ شاعیر تەنها دەرکردن لە مەملەکەتی شیعر لە مەنفا تاڵتر بێت... رەنگە تەنها غوربەت لە ئیبداع لە غوربەت لە نیشتمان سەختتر بێت. دواجار ناچارم هەموو ترس و خەمی غەریبی بگوازمەوە بۆ دنیای نووسین. هێندەی کە خۆشم لە مەنفا دەژیم پتر لە هەندێ دێڕ یان پارچەی (دەربەندی پەپولە) تێدەگەم، کە لە هەندێ شوێندا وەکو مانفیستێکی شیعری وایە لەسەر (مەنفا)... دواجار کاک شێرکۆ زۆر بە هیوام پەیوەندیمان نەپچڕێت و ئاگامان لە یەکتری بێت، (مەریوان) لەو چەند رۆژەدا دێتە ستۆکهۆڵم (وەکو بزانم)، وا بزانم دەشیەوێت کۆڕ ساز بکات.

ژمارەی (3)ی رەهەند ... تەرخانە بۆ تێکستی ئەدەبی، جا نازانم کاک شێرکۆ ئەگەر خۆت حەزتکرد ئەوا بۆ ئێمە مایەی شانازیە کە بەرهەمی تۆی تیا بێت... کاک شێرکۆ نازانم بۆ مەسەلەکەی کاک شێرزاد هیچ بە هیچ دەکرێت یاخود نە ، بەهەرحاڵ هەموو لەوە دڵنیاین کە شتێ بە تۆ بکرێت تەقسیری تیا ناکەیت.

سڵاو خۆشەویستی دووبارەم.

هەر بژیتو تەمەن درێژبیت بۆمان.

هیوام وایە نەورۆزێکی شادیش بگوزەرێنی.

**بەختیار عەلی**

97/3-17

**فرانکفۆرت**